# دوو کەسایێتی کوردستانی ئێراق(باشووری کوردستان*)

بەدروسادات موفیدی
وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

کوردستانی ئێراق(باشووری کوردستان) پێنج یەکی خاکی ئێراق دەگرێتەوە کە ئێستا لە ژێر دەستەڵات و ڕکێفی دوو پارتی سیاسی دایە.
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق کە بە پارتی یان pdk و حیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ئێراق کە یەکێتی یان بە puk بەنێوبانگن.
مێژینەی دامەزرانی ئەو دوو پارتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1945 زایینی کە کەسایێتییەکی ئایینی بە ناوی" قازی محەمەد" حکومەتی سەربەخۆی کوردی ڕاگەیاند و دوو ساڵ دواتر واتە ساڵی 1947 ئاڵای کۆماری سەربەخۆی کوردستانی بە" مەلا مستەفای بارزانی" سپارد. ئەویش لەو سەردەمەدا دەستی دایە دانانی حیزبی دێمۆکرات و لە ڕێی ئەو پارتەوە، خەباتی چەکداریی کوردان دژ بە دەوڵەتی ئێراق،دەس پێکرا. دوا بە دوای ئەو خەبات و ڕاپەڕینە،ساڵی 1971 زایینی دەوڵەتی ناوەندی بە شێوەی رووالەتی بە بەڕەسمیەت ناسینی ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) کوردان،بۆ هۆی ڕێککەوتنێکەوە چەند کورسییەکی پەرلەمانی ئێراق و بەرپرسایێتی هەندێ کاروباری بە کوردان سپارد. کەچی بە کردە برگەکانی نێو ڕێککەوتنامەکەی ڕەچاو نەکردن . هەر بۆیە لەو دەمەدا دووبەرەکی کەوتە نێو کوردان و لە حاڵێکدا کەمینەی کوردان درێژەیان بە هاریکاری دەگەڵ حکومەتی سەدام دا ،زۆرینەی ئەوان بە ڕێبەرایێتی گرووپەکەی بارزانی،ڕوویان کردە خەباتی چەکداری. ساڵی 1974 زایینی، کوردان کەوتنە بەر لاگری ڕاستەوخۆی ئەرتەشی ئێران و پشتیوانی ناڕاستەوخۆی ئەمریکا. ئەرچی ئەو لاگرییە فرەی نەخایاند و ساڵێک دواتر بە هۆی مۆرکرانی پەیماننامەکەی جەزایرەوە ئێران دەستی لە لاگری کوردان هەڵگرت و مەلا مستەفای بارزانی هاوڕێی زۆرێ لە کوردانی ئێراق، ڕێی ئێرانی گرتە بەر و دەگەڵ بنەماڵەکەی نیشتەجێی کەرەج بوو.
هەر لەودەمەدا هەندێ لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات بە ڕێبەرێتی" جەلال تاڵەبانی" کەوتنە ڕەخنەگرتن لە شێوەی خەباتی مەلا مستەفای بارزانی و شێوەکەی ئەویان بە عەشیرەتی زانی. هەر لە بەر ئەوەش لێی جوێ بوونەوە و حیزبێکی دیکەیان لە ژێر ناوی" یەکێتی نیشتمانی کوردستان" دامەزراند. مەلا مستەفای بارزانی ساڵی 1979 زایینی هاوکات دەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران،کۆچی دوایی کرد. "ئیدریس بارزانی" کوڕە گەورەی مەلا مستەفا بەرپرسایێتی کاروباری حیزبی دێمۆکراتی گرتە ئەستۆ و یەک ساڵ دواتر لە بەر تووشبوون بە نەخۆشییەک، ئەویش عەمری خودای کرد. هەر بۆیە ڕێبەرێتی حیزب کەوتە ئەستۆی" مەسعوود" کوڕەکەی دی مەلا مستەفا. ماوەیێک دواتر ئەو سەرباری لاوازبوونی دارشتی حیزبەکەی، دیسانەوە خەباتی چەکداری دژ بە حکومەتی سەدام دەس پێکردەوە.
دوا بە دوای گەرم داگەڕانی کوورەی خەباتی کوردی،ساڵی 1987 هەڵمەتی بەدناو ودژەمرۆڤانەی ئەنفال(پاکتاوی ڕەگەزی قەومی کورد)لە لایەن سوپای ئێراقەوە دەس پێکرا کە لەو ماوەدا پێنج هەزار گوند خاپوور کران، *180 هەزار کورد، هاتنە کوشتن کە لەو هەژمارە 8 هەزار کەسیان لە عەشیرەتی بارزانی بوون.
ساڵی 1991 پاشی ئەوەی دەوڵەتی ئێراق دوا بە دوای پەلاماری سەر کوێت و پاشانیش بە گژ ئەمریکادا چوون،هەتا ڕادەیێک لاواز ببوو و بەستێن بۆ ڕووخانی حکومەتەکەی سەدام خۆش ببوو،دوو ڕاپەڕینی نێوخۆیی لە ئێراق دا سەریان هەڵدا کە یەکیان خەباتی شیعەکانی باشوور و ئەوی دیکەیان ڕاپەڕینی کوردان لە باکوور بوو. یەکەمیان سەرکوت کرا و دووەمیان سەرکەوت . دوا بە دوای سەرکەوتنی کوردان لە ساڵی 1992 حکومەتی بارزانی لە هەولێر و دەوڵەتی تاڵەبانی لە سلێمانی، دامەزران و سوپای ئێراق بە گوێرەی بڕیارنامەکەی ڕێکخراوەی نەتەوەکان،بۆی نەبوو پێ بنێتە نێو سێ ستانی سلێمانی،هەولێر و دهۆک. هەر هەمان ساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوە چوو کە دێمۆکراتەکان بە ڕێبەرایێتی مەسعوود بارزانی سەتی 51 و یەکێتی نیشتمانی بە سەرۆکایێتی جەلال تاڵەبانی سەتی 49 ی دەنگەکانیان وەدەس خست. ساڵی 1993 شەڕی خوێناوی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرا و هەتا پێنج ساڵ دواتری خایاند.
ساڵی 1998 بە نێوبژیگەری مادلین ئەلبرایت لە واشینگتۆن ،کوردەکان بەڵێنیان دا ناکۆکییەکانی نێوانیان وەلانێن و بە مەبەستی ڕووخاندنی حکومەتی سەدام، هاریکاری ئەمریکا بکەن.
ئەو دوو پارتە پاش ڕووخانی حکومەتی سەدام هاوبەندییان چێکرد و پاشانیش توانییان لە هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی ئێراقدا سەتی 28 ی کوردسییەکان واتە 75 کورسییان لە سەرجەمی 270 کورسی وەدەس خست ، ئەوە لە

حاڵێکدایە لە باری حەشیمەتەوە نزیکەی سەتی 20 ی حەشیمەتی ئێراق دەگرنەوە. لە لایێکی ترەوە بە گوێرەی ڕێککەوتنێک لە نێوان خۆدا جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆک کۆمارێتی دەوڵەتی کاتی ئێراق دەس نیشان کرا ، لەو لاشەوە سەرۆکایێتی حکومەتی فیدراڵی کوردستانی ئێراق سپێردرایە دەس مەسعوود بارزانی. هەڵبەت ئەو ئێستا کاروباری پێک هێنانی کابینەی کوردستانی، خستۆتە ئەستۆی برازاکەی نێچیرڤان بارزانی کوڕی ئیدریس بارزانی کە زاوای خۆشیەتی.

گەشبینبوون و هیواداری بە داهاتوو و ویستی بە هێز بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ،بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی قەومێکی تازە سەرکەوتوویە. قەومێک هەڵگری مێژینەیێکی پتر لە نیوسەدە بەرستەم کەوتەیی و ئاوارەیی و ماڵ وەکۆڵییە و ئێستا بە وەپشت سەرنانی ئەو ڕەنج و کوێرەوەرییانە،داهاتوویێکی ڕوون و گەش بۆ خۆ دەنەخشێنێ.

بەر لە سەردانەکەم بۆ کوردستانی ئێراق،کوردەکانم لا خەڵکانێکی تووڕە،خەباتگێڕ،جەنگاوەر و چریک دەهاتە پێش چاو بەڵام ئەوە تەنێ دیوێیکی دراوەکە بوو. ئەو دیوەکەی بە درێژایی سەردانە 9 ڕۆژییەکەی شاندی ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی بۆ ئەو ناوە، خۆی لام دەرخست.

کوردانی ئێراق دەمێکە بۆ خۆ بەڕێوەبەرێتی کاروباری سێ ستانی (هەولێر،سلێمانی،دهۆک)یان وەئەستۆیە، ئەوان بۆ خۆ حکومەتداری دەکەن و مژولی سیاست کردنن، بۆ خۆ یاسا دادەنێن و بەڕێوەی دەبەن، بە یارمەتی سەرمایەدانەر و بەڵێندەرانی دەرەکی ،بینا و ئۆتێلی مەزن چێدەکەن و...

ئەو جۆرە خودموختارییە(ئۆتۆنۆمی)ی کە لە ئاخر و ئۆخری حوکمی سەدام دا دەستی پێکرا.

ئێستا کە ئیدی سەدامێک لە گۆڕێدا نییە و جەلال تاڵەبانیش وەک کەسایێتییەکی کورد، سەرۆک کۆماری ئێراقە،لە دووی حکومەتی فیدراڵیین. ئەو داخوازەی لە بەر سووربوونیان لە سەری و قەبوڵکرانی لە لایەن شیعەکانەوە، لە قۆناخی ئامادەکرانی ڕەشنووسی دەستووری ئێراقدا، ڕەچاو کراوە. هەڵبەت سوننە لای وایە چوونە ژێرباری سیستەمی فیدراڵیتە بۆ ئێراق، یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە وەبەر مەترسی دەخات و ئەوە بە هێڵی سوور دادەنێن. بەڵام سەیرتر لێرەدایە کە لە نێو کورداندا تاقمێ هەنە زێتر لەوەش دەخوازن. ئەوان لە خۆپیشاندان و جڤینەکانی خۆدا خوازیاری ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی هەمە لایەنە لە دەستووری ئێراق بۆ کوردانن و تەنانەت شاری کەرکووکیش کە یەکێکە لە ناوچە گرینگەکانی نەوتی ئێراق،بۆ پێتەختی کوردان پێشنیاز دەکەن. ئەوە هەمان داخوازە مەسعوود بارزانی چەن جاران بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە شیعە و سوننە، ئاماژەی پێداوە.

بە هەرحاڵ کەمینەی کوردی ئێراق لە بارودۆخێکدا پێ لەسەر خۆبەڕێوەبەرێتی ناوچەکانی کوردنشین کە بەشێکی سەرچاوەکانی نەوتی ئەو وڵاتە لەوێ هەڵکەوتوون،دادەگرێ کە زۆرینەی حەشیمەتی ئێراق شیعەکان پێکی دێنن و کەمینەی عەرەبی سوننە کە سەردەمێک حوکمی تەواوی ئێراقی کردووە و دەستەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتەی لە دەستدا بووە، ئێستا نایەوێ بچێتە ژێر دەستەڵاتی شیعە و کوردەکان، هەر لە بەر ئەوەش هەندێ لە گرووپەکانی توندڕەوی ئەوان بۆ پێشگرتن بە پەسەنکرانی دەستوور،خۆ لە هیچ چەشنە کردەیێکی توند وتیژ نابوێرن. ئەو ناکۆکییە قەومی و ئایینییانە ئێستا ناوچەکانی ناکوردنشین بە تایبەت باشووری ئێراقی، کردۆتە ناهێورترین ناوچە کە هەروا پاسای مانەوەی هێزی ئەمریکیش دەکات، ئەوە لە حاڵێکدایە سەرباری ئەو ناکۆکییانە،کوردەکان بە گرتنە پێشی سیاسەتی ژیرانە کە جاران لە بەر شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان کەمتر لەوان چاوەڕوانی دەکرا،توانیانە هێورییەکی نیوەچڵی لە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی خۆدا بچەسپێنن. هەڵبەت ئەوە هێشتا کۆسپی نەخستۆتە سەر ڕێی هاتووچۆ و ئامادەیی کەم ڕەنگی ئەمریکییەکان لە ناوچەکانی کوردنشیندا. ئەمە هەمان پرسە کوردان هۆگری ئەوەن و مەسعوود بارزانیش ڕەتی نەکردۆتەوە. ئەو کە بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە یەک لە ڕۆژانی سەردانەکەی ڕۆژنامە نووسانی ئێرانی،لە بنکە و هاوینە هەوارەکەی خۆ لە سەلاحەدین، وەرگری ئێمە بوو، لە وەرامی ئەم پرسیارە ئایا ئامادەیی هێزی ئەمریکی لە ناوچەی کوردستانی ئێراق، ئێوەی وەڕەز کردووە؟،وتی: ئەوان بە شێوەی بەردەوام لە کوردستاندا نین و پێویستیشمان بەوان نییە. تەنیا بڕێک جار سەری ئێرە دەدەن بەڵام ئەوەی دەگوترێ ئەوان دەبێ ئێراق جێ بێڵن،هێشتا زوویە. ئەو پاشان وتی: لە بارودۆخی هەنووکەدا پێویستە ئەمریکییەکان لە ئێراق بمێننەوە. ئەوە هەمان خاڵە جەلال تاڵە بانیش لە گفت وگۆکەی دەگەڵ ئەلحەیات جەختی لە سەر کردووە.

ئەو بە وتنی ئەوەی بە قازانجی گەلی ئێراقە، پاش کۆتایی فەرمانبەرێتی ئێستای سوپای ئەمریکا،بەشێک لە هێزی ئەمریکی لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە،وتوویە: "مانەوەی ئەمریکییەکان لە ئێراق تەنێ بۆ شەڕی دژ بە تێرۆریستان نییە بەڵکو ئەرکی ڕاهێنانی هێزی ئێراقیشیان وەئەستۆیە. هەروەها ئەوان پێش بە خۆتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە

کاروباری نێوخۆیی ئێراق دەگرن." ئەوە لە حاڵێکدایە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی ناوچە و برێک لە عەرەبەکانی سوننەی نێو ئێراق، لە بەر دوو هۆیان پیس لە دەس ئەمریکییەکان ڕەنجاون. یەکیان لە بەر ئەوەی شونای عەرەبی لە هەمبەر شوناسی کوردی و دووەم سوننەی لە هەمبەر شیعە، کز و لاواز کردووە. بەڵام" سەرۆ قادر"،جێگری مەسعوود بارزانی کە توانیمان لە نووسینگەکەی ڕۆژنامەی "خەبات" ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، چاومان پێی بکەوێ، سەبارەت بە ئامادەیی ئەمریکییەکان لە ئێراق بە تایبەت پێوەندی نێزیکیان دەگەڵ کوردان، ڕای وایە دەبێ وردتر چاو لە پرسەکە بکرێ. ئەو ئەڵێ ئێمە دەزانین ئەمریکا جگە لە بەرژەوەندی خۆ بیر لە هیچ دی ناکاتەوە و لە سیاسەتی ئەمریکدا شتێ بە نێوی ئازادی بۆ گەلان بایەخێکی نییە، هەر وەها ئێژێ: کوردەکان لە ساڵی 1975 بەم لاوە ڕۆژگارێکی پڕ زەحمەتیان وەپشت سەر ناوە،دەرحەق بەوان توند وتیژی زۆر کراوە، تووشی زۆر نەهامەتی وەک ئەنفال، کیمیاباران،ڕەوی ملوێنی و ... بوونە.زۆر جار لە کێشە و بگرە و بەردەکانی وڵاتانی دراوسێ دەگەڵ سەدام ،بوونەتە دارەدەس. ڕاستیت دەوێ هەندێ جار دەگەیتە شوێنێ بۆ مانەوە هەربە تەنیا تاقە ڕێیکت لە بەردەمە و دەبێ هەمان ڕێ هەڵبژێری. ئێمەش هەمان ڕێمان هەڵبژارد کە لایەن و ئالییەکی ئەمریکایە. ئێستا پرسی دێمۆکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ، گرێی خواردووە بە ئامادەیی هێزی ئەمریکی لە ناوچەدا. ئێمە بە چاوی کراوەوە چووینەتە ژێرباری ئەم ڕەوشە و ڕێگەیێکی پڕمەترسیمان هەڵبژاردووە. هەندێ دەڵێن ئێوە نامێننەوە بەڵام ئێمە دڵنیاین لە 10 ساڵی داهاتوودا وەک کۆریای باشوورمان، لێ دەردەچێ.

ئێستا ئەم کوردە 5 ملوێنییە توانیویە بە پاڵ پشتی ئەمریکا، حکومەتێک پێک بێنێ. لە ڕاستیدا گەلی ئێمە دەیەوێ ئەمریکا یارمەتیمان بدات. چونکە هەر لە بەر ئەم پێوەندییە دەگەڵ ئەمریکا، دەکەونە دووی قازانج و بەرژەوەندی خۆ،هەڵبەت ئاگاشیان لەوە هەیە لە هەمبەردا ئەمریکییەکان لە ڕێی کوردانەوە لە شوێن بەرژەوەندی خۆن. ئەمریکا دەیەوێ لە خۆرهەڵاتی ناویندا بمێنێتەوە. ئێران و سوریا هاریکاری دەگەڵ ناکەن ،لە حاڵێکدا ئێمە لە باری سیاسی و ئابوورییەوە، پێوەندی ڕاستەوخۆمان دەگەڵ ئەمریکییەکان هەیە.

ئەو وتانە تەنێ ڕوانگەیێکی تاکی( کەسێتی) نەبوو،بەڵکو لە چەندین دیدار و دیمانەدا ئەوەمان لا دەرکەوت، لە نێو کاربەدەستانی دەوڵەتی، ڕۆژنامەنووسان،ڕووناکبیران و پارتەکانی سیاسی دەستەڵاتدار لە کوردستانیشدا، پرهۆگری هەیە. کوردەکان لەوە گەیشتوون لە بارودۆخی ئێستادا بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و قەومی خۆ لە ئێراق،چاکترین ڕێ هەمان هاریکاری ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئەمریکییەکانە. سەیرتر ئەوە لە نێو ئەواندا هەنە کەسانێک هەندێ جار لە زەینی خۆدا خەون بە وڵاتێکی مەزنی وەک ئیسراییلەوە دەبینن. ئەوە هەمان پرسە جار ناجارێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و نەپێدی لە لایەن کەسانی نابەرپرسەوە ئاماژەی پێدەکرا، کە کاردانەوەی پڕ لە ناڕەزایێتی شاندی ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی لێ دەکەوتەوە.

هەڵبەت دیپلۆماتیک ترین وەرام لەو پێوەندییەدا، نێچیرڤان بارزانی دایەوە. ئەو کە ساڵەهای ساڵ لە ئێران ژیاوە و زۆر بە جوانی بە فارسی قسەی دەکرد، وتی: سیاسەتی ئێمە لە 14 ساڵی ڕابوردوودا خۆتێ وەرنەدان لە کاروباری ئەو وڵاتانەی بووە کە کوردان لەوێ دەژین. ئێمە لەم ساڵانەدا سەلماندوومانە لە دووی هێوری و ئەمنیەتین نەک ئاژاوە و بشێوی نانەوە. پاشان وتی: بەڵام ئێمە، کوردی وڵاتانی دی، بە هاو وڵاتی خۆ دادەنێین و هەر بەو پێیەش پێمان خۆشە، گیرو گرفتەکانیان چارەسەر بکرێن.

گرێدانی ئەو بۆچوونەی وی، بە ڕوانگەکەی سەبارەت بە فیدراڵی بۆ سیستەمی سیاسی ئێراق، سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەیە کاربەدەستانی کوردستانی ئێراق جوان ئاگادارن مەودایان لە گەڵ خەونی وڵاتی کوردستانی مەزن زۆرە. نێچیرڤان بارزانی دەبێژێ فیدراڵیبوونی ئێراق یارمەتی دوو قەومی کوردو عەرەب دەدا سەرباری ناکۆکییەکانی نێوانیان، پێکەوە ئاسوودەتر بژین،لە هەمان حاڵدا ئەم سیستەمە دەبێتە مایەی ئەوەی حکومەتی ناوەندی، نەتوانێ داخوازەکانی خۆ بەسەر کورداندا بسەپێنێ.

ئەو بە وتنی ئەوەی لە سەردەمی دەستەڵاتی سەدامدا ستەمێکی زۆر لە کورد و شیعەکان کراوە،وتی: ئێستا هەمووان بەو دەرەنجامە گەیشتوون دامەزران و پیک هاتنی دەوڵەتێکی بەدەستەڵات لە بەغا، زۆر گێچەڵ سازکەرە. پاشان وتی : سەرەتا ئەمریکا دەیەویست سەدام لەسەر دەور لابات و کەسێکی دی لە جێگەکەی دانێ ،هەر بۆیە چەند ساڵێکیش سەبری کرد،بەڵام لە ئاکامدا بەو دەرەنجامە گەیشت دەبێ سیستەم بگۆڕدرێ."

بە هەرحاڵ هاریکاری کوردان دەگەڵ ئەمریکا، لە دواساڵانی دەستەڵاتدارێتی سەدام کە ڕووخانی حکومەتەکەی ئەوی لێکەوتەوە،فیدراڵیبوونی کوردستانی ئێراقی بۆ کوردان بە دیاری هێنا،هەتا بەوێ ئەمڕۆکە ئەو پرسە تەواو لە داڕشتنی سیاسی ئێراقدا، چەسپاوە.

لە ڕەشنووسەکەی دەستووری ئێراقدا کە بڕیارە ڕۆژی 25 نۆڤەمبەر بۆ گشتپرسی دانرێ، لە سەر سیستەمی فیدراڵیتە بۆ ئێراق جەخت کراوە. بەڵام لە بەر ناکۆکی لە سەر چۆنیەتی دیاریکردنی ناوچەکانی فیدراڵ لە نێوان عەرەبەکانی شیعە و سوننە، هەر چەشنە بڕیاردان لەو بارەوە، دانراوە بۆ پاش پەسەنکرانی دەستووری ئێستای ئێراق کە هەڵبەت لە بەر هەمان خاڵ لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ناوچەی کوردستان ئەودەر لەو چوارچێوەیە.

بەم جۆرە دیاریکردنی ناوچەکانی فیدراڵی ئێراق جگە لە کوردستان، دانراوە بۆ دواتر. هەرچەندە سەرباری ئەو ڕەوشەباشە،ئەوان هەروا سوورن لەسەر دیاریکرانی چارەنووسی کەرکووک . پرسێکی گرینگ کە بڕیاردان لە سەری هەروەک پرسەکەی پێشوو، کەوتۆتە پاش پەسەنکرانی دەستووری ئێراق لە لایەن گەلی ئەو وڵاتەوە.

وادیارە پرسی نەوت خێزبوونی کەرکووک لەسەر دیاری نەکرانی چارەنووسی ئەو ناوە جارێ زۆر گرینگە بۆیە دانراوە بۆ دواتر. ئەمە لە حاڵێکدایە نێچیرڤان بارزانی لە وەرامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی لەو پێوەندییەدا جەختی کرد: بڕواتان بێت! پرسی نەوت خێزبوونی کەرکووک لای ئێمە پرسێکی لاوەکییە، چونکە دەزانین گەر نەوتی ئەو ناوەش بکەوێتە دەس مە، لە بەر هەل ومەرجی جۆگرافیایی کوردستان، ناتوانین بیفرۆشین. ئەو پاشان بە وتنی ئەوەی ئێمە لە دووی سیاسەتێکی واقیع خوازانەین هەتا فۆرمۆلێکی جێ پەسەند بۆ کورد و عەرەبەکان بدۆزینەوە، وتی: بەڵام لە کەرکووکدا زۆر زوڵم لە کوردەکان کراوە. سیاستی عەرەباندنی کەرکووک لە ساڵی 1963 دەستی پێکراوە. لە بەر نەوت خێزبوونی کەرکووک ژمارەیێک عەرەب هێنراون بۆ کەرکووک و لە ماڵ و یانە وحاڵی کوردان دا نیشتەجێ کراون. گەر سیاسییانەش چاو لە پرسەکە نەکەین،پرسی خودانەتی دێتە ئاراوە. ئێستا تەواوی عەرەبەکانی دونیا سەبارەت بە فەلەستینییەکان دەبێژن دەبێ بگەڕێنەوە وڵاتی خۆ بەڵام لە سەر کەرکووک دەڵێن ئێستێ کە عەرەبەکان لەوێندەرێ نیشتەجێ بوونە ،بڵا هەر لەوێ بمێننەوە. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە درێژەدا وتی: ئێمە داواکارین ئەو عەرەبانەی لە باشوورەوە هاتوون و لە سەر ماڵ و حاڵی کوردان دانیشتوون، ئەو ناوە بەجێ بێڵن و لە بەرامبەردا ئەو کوردو تورکمانانەی لەوێ وەدەرنراون، لەو ناوەدا نیشتەجێ بکرێنەوە. هەڵبەت ڕامان ئەوە دەوڵەتی ئێراق لەسەریەتی هاسانکاری پێویست بخاتە وەردەم ئەو عەرەبانەی دەگەڕێندرێنەوە، ئەو پرسە بە یەک و دوو ڕۆژان چارەسەر ناکرێ بەڵکو لە ڕێی پرۆسەیێکەوە دەبێ ئەنجام بگرێ. نێچیرڤان بارزانی لە وەرامی پرسیارێ گەر شیعە و سوننە لە سەر پرسی کەرکووک ڕێك نەکەون،چ دەبێت؟ ،وتی: ئێمە وای بۆ ناچین پرسەکە بەو چەشنەی لێ بێت کە چارەسەر نەکرێت. ئێمە لە پێک هاتنی ئێراقی نوێدا دەوری سەرەکیمان گێڕاوە . شوناسی کەرکووک شوناسێکی کوردییە و کەس ناتوانێ بیشێوێنێ.

بە هەر حاڵ بە سەرنج بەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری ئێراقدا بڕیاری لەسەر دراوە،داهاتی گشتی نەوتی ناوچەکانی نەوت خێزی ئێراق لەوان کەرکووک،موسڵ،بەسرە ...وەک بووجەی گشتی وڵات، حسێبیان بۆ کراوە و بە گوێرەی هەژماری حەشیمەتی ناوچەکانی جۆربەجۆر، دابەش دەکرێ، جەختی نێچیرڤان بارزانی لەسەر لاوەکی بوونی پرسی نەوت خێزبوونی کەرکووک لای کوردان دوور لە واقیع نییە. هەر بەو پێیە بە دووری مەزانە کە لە کاتی دیاریکرانی چارەنووسی ناوچەکانی فیدراڵدا، ئەوان بەو داخوازەی خۆ سەبارەت بە کەرکووک بگەن، هەڵبەت ئەوە فرەتر لە هەمووان پێویستی بە سەقامگیربوونی هەرچی خێراتری هێوری و ئەمنیەت لە ئێراق بە تایبەت لە باشوور هەیە کە ناوەندی ئاور و ناهێورییە. وادیارە هەتا کاتێ دەستووری نوێی ئێراق لە لایەن گەلی ئێراقەوە پەسەن نەکرێ،ئەو هێوری و ئەمنیەتە نایەتە دی. وەبزانم هەر لەبەر ئەوەشە سوننەی ناڕەزا تەواوی هەوڵی خۆی لەو بەستێنەدا دەکار گرتووە کە ئەو دەستوورە لە ڕاپرسی گشتی دا دەنگی ئەرێ وەدەس نەخات. بە گوێرەی ڕەشنووسی سەرەتایی دەستووری ئێراق، گەر خەڵک لە 3 ستان دا دەنگی نەرێ(سەلبی) بەو دەستووره بدەن،ئەو دەستوورە هەڵدەوەشێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە شیعە و کورد زێترین نەرمییان لە کاتی ئامادەکرانی دەقی ئەو دەستوورەدا لە خۆ پیشان داوە بەڵام زۆرێ لە سوننە هێشتا ناتوانن بچنە ژێر باری ئەوە کە ئیدی سەردەمی دەستەڵاتداریێتی دیرۆکی و دێرینەی ئەوان بەسەر ئێراقدا کۆتایی پێ هاتووە و بە لەونێ لە دووی گەڕاندنەوەی سیستەمی سەدامی بۆ سەر دەورن. لە حاڵێکدا ئێستا ئەو دەستەڵاتە کەوتۆتە دەس ئەو کورد و شیعانەی سەدەهای سەدەیە زۆرینەی حەشیمەتی ئێراق پێک دێنن. لێرەدایە کاتێ لە مەسعوود بارزانیمان پرسی گەر سەدام ببینی لە ڕستەیێک دا چی پێ دەڵێی، وتی: دەڵێم " تعزمن تشاء و تذل من تشاء" خودا بە هەر کەسێ بیەوێ بەرزی دەکاتەوە و بە هەرکێش گەرەکی بێت، سەرشۆڕی دەکات!

ژێدەر: ڕۆژنامەی شەرق،سێ شەممە ،12 ڕەزبەری 1384 هەتاوی

تێبینییەک: نووسەر لە زۆر شوێندا ناشارەزایانە لەسەر پرسی کورد دواوە و هەمان دەمارگری فارسی لە ئێسک و پرووسکیدایە. کاتێ لەسەر کوردان دەدوێ مخابن بە دوور لە ئینساف ڕا دەردەبڕێ و پێی وایە سەردەم هەر هەمان دەورە کە خودی ئاغاکانی برای نووسەر بۆ میللەتی کوردیان دروس کرد و نامرۆڤانەترین پڕۆپاگەندەیان دژ بە کوردان خستە ڕێ. نووسەر ئێژی لە گوێی گادا نووستوە و ئاگای لەو لانیکەم 9_8 ملوێن کوردەی نییە لە وڵاتە ئازیزەکەیدا دەژین. دەڵێی هەتا ئێستا کوردی ناشەڕانەچی نەبینیوە. گەر ئەو بەڕێزە بە ڕاستی وەک ڕۆژنامە نووس لە دووی نووسینی ڕاپۆر لەسەر کوردانە،ئەی بۆ ئەو زەحمەتەی وەبەر خۆ نەخست سەرێکی چەن شار و باژێڕێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات و لەسەر ئاستی ڕووناکبیری کوردان کولە قەڵەمەکەی وەگەڕ بخات؟ ئەم بابەتەی نووسەر زۆر قسان هەڵدەگرێ هیوامە قەڵەمە بوێر و شارەزاکانی کورد،لێی وەجواو بێن. لە چەندین جێگەشدا تووشی هەڵە بووە کە من بۆ خۆم ڕاستم کردۆتەوە،بۆ نموونە کە باسی ئەنفال و قوربانییانی دەکات لە جیاتی 8 هەزار بارزانی بە هەڵە 80 هەزاری نووسیوە، لە جێگەیێکی تردا ژماری ئەنفالکراوانی کوردی بە 180 هەزار هێناوە کە پڕ ڕوونە ئەو هەژمارەش پتر لە 182 هەزار کەسە.
هەروەها سەرۆ قادر(ی) بە سەرۆک هێناوە. دانانی باشووری کوردستان کاری وەرگێڕە. نووسەر لە نووسینەکەیدا هیچ ئیشارەتێکی بە" برایم ئەحمەد" نەکردووە. کە باسی پێشەوای نەمریش دەکات هەر وەک کەسانی مینا "جەلایی پوور" بە کەساێتییەکی ئایینی نێو دەبات لە حاڵێکدا کەس نییە حاشا لە ڕۆحی بەرزی نیشتمانپەروەری پێشەوا بکات. چۆڵ نەکردنی مەهاباد و مانەوەی لە تەنیشت خەڵکدا بۆ خۆ سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەیە. مەبەستم لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە زێتر وشیارکردنەوەی ئیرادەی کوردی لە حاند ڕوانگەی نووسەرانی ناکورد لە سەر پرسی کوردان بووە و بەس.

Renascaf @ Yahoo.com